# شیربای پێنوسێکی چاوڕەش

ڕێزە وەڵامێك بۆ شۆخخانم کەژاڵ ئەحمەدی ڕۆژنامەنووس

جەزا چنگیانی

لەشەوێکی پڕ تەنیایی و نوقوومی یادی نیشتمان و شار و کەسوکارم، چوومە دەریای پڕ شەپۆلی ئەنتەرنیتەوە. بەهیوای ئەوەی بە خوێندنەوەی چەندبابەتێك تۆخی تەنیایی ڕۆحم کەمێك کاڵبێتەوە. (PUK) م هەڵبژارد. بە بینینی ناوی هاوڕێیەکی هێژای سەردەمی لاوی و هەندەرانم زەردەخەنە پژایە سەر لێوی چرکەکانم. هاوڕیم (فازل قەساب ) بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری (پشووی کوردستان) بە حەزێکی زۆرەوە خۆم خزانە دووتوی لاپەڕەکانی گوڤارەکەوە وبابەتەکانیم بەسەرکردەوە. وەلێ گشتیانم نەخوێندەوە، تەنیا ئەو باباتانەی لە تەك ویست و حەز و پیویستما بوون یەخەیانم بەردنەدا و گۆنای دوا ووشەیانم مژی، سەرنجم بەلای گفتوگۆ یان دەماقلییەی دوو بەڕێزدا لکاو لە بەر گرنگی بابەتەکە دووجار خوێندمەوە و لە گەنجینەی ئەرشیفەکەشمم خزان. تێگەیشتن و مامەڵکردنی هوشیارانە لەتەك ئەو ووتارەدا پەیوەندی بە کێشەیەکەوە هەیە زۆر دەمیکە جی سەرنج وگرنگی منە، نەك خاوەن پینوسەکان یان توێژە خوێندەوارەکەی کوردەواری بەڵکو تەواوی کۆمەڵگا وەك ئوکسجین پیویستی پیەتی وئەوبابەتە بونیاتدەری هوشیاری و سەرفرازی کۆمەلگایە، فاکتەری میکانزم و هەلتەکاندنەوەی یاساکانی کۆمەڵ و سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتە. ئەویش (ئازادی رۆژنامەگەری) یاخوت ڕوونتر بێژین میدایا یە. دەماقاڵێیەکە لە نیوان بەڕیزان (شۆخخانم کەژاڵ ئەحمەد و کاك فەرەیدون عارف) *1 کە ئەم برایە لە هاووڵاتیدا نووسەرە و شۆخخانمیش ئەگەرەکوش ڕاستەوخو سەر بە (یەکێتی) تیش نەبێ ئەوە لە میدیای ئەوڕێکخراوەدا چالاکە و چەند سالێکی گوڵی تەمەنیشی بۆ وەراندوون. بۆ من گرنگ نیە ئەم دوو بەرێزە جەمسەری بیرکردنەوەیان بە چ ئایدۆلۆژێتێکەوە لکاوە، گرنگ ئەوەیە چۆن لە ئازادی رۆژنامەگەری گەیشتوون و دەدوێن و چەقی دەمەقلێکەیان لە چ بەنداویکدا پەنگی خواردۆتەوە؟ ڕۆژنامە دووکانیك دەزگایەك نیە بۆ کۆکردنەوەی پارە وسامان بەڵکو (قوتابخانەی گەلە، زانکوی کۆمەڵە ڕێبەر و مامۆستای ڕۆحی نەتەوە ونیشتمان پەروەرییە، دەرگای زانستە، بلندگوی پەرشکردنی بیرە، هێزی ڕاپەرینە *2)

بەپیی ئەزموونی خۆم لە بۆاری ڕۆژنامەگەریدا و بروای تەواوم بە ئازادی نووسین وڕادەربڕین و چیژ وەرگرتنی چەند ساڵەم لە ئازادی میدیا و بەتایبەتی ڕۆژنامەگەری لە ئەڵمانیا. دەتوانم ماف بەخۆم بدەم و وەك هاوکارێکیشان تکای ڕێگەدانیان لێبکەم ولە تەکیاندا هاوبەشییەکی ئەو دەماقالێیە بکەم و ڕووناکییەك بخەمە سەر ئەو لایەنە کەمڕوناکیانەی کە تاریکستانی لەمپەری سیاسەت و ئایدولوژی دروستیکردون. چەقی بابەتەکە ئەوەیە پەیامنێری هاووڵاتی چاوپێکەوتنێکی لە تەك یەکی لە ئەندامانی سەر بە گروپی (جند الاسلام) کردووەوە ئەمەش بۆتە هوی تورە بوونی (شۆخخانم کەژال ئەحمەد) و هەڵسەنگاندنی ئەم چاوپێکەوتنە بە تەرازووی (اخلاق) واتە ڕەوشت. کە ئەم ووشەیەم خوێندەوە ڕاچڵەکیم، ڕاستەوخۆ یاسایی

تۆڤینەر وزبری پیاوسالاریم هاتەوە یاد، یانی ڕادیکالێتی ووشەیەکی تورەی کۆمەڵگایەکی پریمیتفی نامرۆڤاییەتی وله زاری پێنوسێکی چاو ڕەشەوە،.جگە لەوەی لە بەر دیدەی گەشی شۆخخانمدا و مێشکی فراوانی ئەنتەرنێتدا چەندەها ئافرەتی کورد بۆنەتە قوربانی یاسای ئەو ووشەیە، خودی خۆشی ئاسکێکی چاوگەشی بریندارى یاسای پیاوسالاری وتوورتی ئەو ووشەییە.

حیکایەتی دەسبەسەریم

لەو پەیڤانەدا تاساوە

کە پڕن لەووشەی ئازادیی و باڵی فرین

ئازارم لە ناو رووکەشیی، ئەواندا هەلکورماوە *3

ئەوەی مەبەستمە بیڵیم ئایا ئەو چاوپیکەوتنەی پەیامنیری هاووڵاتی دەچیتە خانەی (ئەرك و ئازادی ڕۆژنامەگەری) یەوە ؟ یان خانەی بیڕەوشتی ؟.

ئەرکی میدیا بە گشتی و رۆژنامە و ڕۆژنامەگەری بە خەستی چییە ؟ ئاشناکردنی کون و کەلەبەری گرفتەکانی کۆمەڵ و دزی و فزی دەسەڵات و ڕووناکی کردنەوەی کۆڵانە تەنگەبەرەکانی ژیانی خەڵکیە، بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلە لیتاوییەکانی قەیرانە. (میکافیلی دەبیژی هیچ دەسەڵاتیك ناتوانی تیروانینی زوربە و گرفتێك کە پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەبی پشتگوی بخات *4) (جند الاسلام) یش بمانەویت ونەمانەویت پەیوەندی بە تیروانینی کەسانیکی زۆرەوە هەیە. مادامێکیش ئەو کۆمەڵە کەسانە بەشێکی کۆمەڵگان دەبێ ئاوزان و دید و هوشیاری میدیا و بە تایبەتی رۆژنامە ئاوریان لیبداتەوە و لە نزیکەوە بیاندوییێنی. ئەمە خاڵێك خاڵێکی تر کەپەیوەندی بە دیموکراتیتەوە هەیە ئەویش (لە پەرەگراف 19) ماف مرۆڤدا هاتووە. هەموو مرۆڤی ئازادە لە هەلبژاردنی بیر و راو جۆری ئایدۆلۆژی وپروپاکەندەو ئازادی بڵاوکردنەوە، پەرشکردنی بۆچونەکانی) بۆیە تۆی بەرێز شۆخخانم بەم شیوەیە راستەو خو چویتەدژایەتی ئەم پەڕەگرافەوە کە لەسەر ئاستی جیهاندا رێزی لێدەگیرێت. رۆژنامەنووس نابێ تەنیا چاوپێکەوتن لەتەك ئەوانەدا سازبکات کە لە گۆرەپانی بازار و سیاسەتدا کوڕە ئازاکەن. چونکە ڕاستیەکان تەنیا لای ئەوان نیە ڕۆژنامەنووس پەساپۆرتێکی پیە پیوسیت بە فیزە ناکات بۆ کۆکردنەوە و نووسین وگەڕان بە دوای زانستیدا، جائیتر ئەو کارەی یەخەی چ بابەتی یان کەساییەتیك دەگریت بۆ هیچ کەسیك نیە لەمپەری (اخلاق) وگورزی ئایدۆلۆژی لە تەکدا بەکاربهێنی. لە پیناسەکەی مندا وانووسراوە (تکا بۆ هەموو ئەو شوینانەی خاوەنی هەڵگریی ئەم پیناسە رووپتیدەکات کۆمەکی بکەن) ئەمە لەسەر ئاستی جیهاندا بۆتە نەریتی ئازادی ڕۆژنامەگەری، دەکری شوخخانم وەك هەریەکێیکی تری سەر بە دەزگای راگەیاندنی (یەکیتی) بەوشیرە پینوسەکەی گۆشکردبێ تەنیا دەبێ لە جوغزیکی داخراوی ئایدولوژی ئەواندا بابەخولی بکات نەك دنیای فراوانی رۆژنامەگەری. ئەو کارەی پەیامنێری هاووڵاتی کردویتی لە تەك لبێسراوێکی جند الاسلامدا نەك کاریکە دژی کاری رۆژنامەگەریە بەڵکو کاریکی ژیرانە وئافەریناوی و جەربەزە و رەهەندی بیر و فراوانی ئاوزانی بیرکردنەوەی ئەو بەرێزە و تێگەیشتنی لە ئازادی ودیموکراتی و رێزی نەیار نیشاندەدا، کە ئەمە

کرۆکی بابەتەکەیە. (شوخخانم کەژال ئەحمەد) دەبێژی مادامێکی ئەوان ئازادی من قرتدەکەن منیش ئازادی ئەوان، مادامێکی ئەوان وەك من ئازادی نادەن بە پرچەکانی سەر منیش ئازادی نادەم بەوان سەرپۆش بپۆشن. نەك تا سەر ئێسقان دژی چەوسانەوەی مرۆڤم بەڵکە تا خوار مۆخیش دژی یاسایی ئیسلامم لە مەڕ مامەڵکردنیان لە تەك ئافرەتاندا (تکایە بروانە رۆمانی چۆن گەیشتمە لای خوا) ، وەلی ئەمە ڕێگە لەوە ناگریت ڕۆژنامەنووسێکی دونیایی مۆدیرین و ڕۆژنامەیەکی زمانزێڕی وەکی (هاووڵاتی) گفتوگۆ لە تەك کەسێکی دونیای ڕەشدا بکات. شۆخخانم چۆن دەتوانی لە نەیارەکەت بگەیت ئەگەر ڕێگەی دیالۆگی بۆ نەسازینی ؟ چۆن دەتوانی لایەنە پریمیتیفەکانی جندالاسلام بۆ جەماوەر ئاشنا بکەیت ئەگەر لەسەرزاری خۆیانەوە زۆخاونەریژن. من دڵنیام لەوەی ئەگەر ڕۆژیك بێت (یەکیتی و بەعس) نزیك ببنەوە پەیمانیك ببەستن و کەمێك ئارامیان بۆ مەیسەربێت و دەسەڵاتی سیاسی داوا لە (شۆخخانم) یان هەر ڕۆژنامەنووسێکی تری سەربەو دەفەرە سیاسیە واتە یەکیتی بکات، چاوپیکەوتنێ لەتەك علی کیمیاویدا بکات دەچن و بەکاریکی ئاسایشی دادەنێن، ئایا ئەمە لاوازی ڕەوشتی ڕۆژنامەنووس نیشاندەدا ؟ ئایا ماچکردن و تەوقەکردنی سیاسیەکانی سەربە یەکیتی لە تەك درندەکەی بەغدا و علی کیمیاوی و گرتنی وێنە بۆ یادگاریان دەچێتە کاری بیڕەوشتی سیاسیەوە ؟؟؟ (ئەم پرسیارە لە شۆخخانم کراوە) لە کاتی جەنگی کەنداوی دووهەمدا یەکێك لە ڕۆژنامەوانە بەناوبانگەکانی کەنالی تەلەفزویونی دووی (ZDF) ئەڵمانی چاوپێکەوتنێکی لەتەك صدام دا کرد نە کۆمەڵگا نە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو ڕۆژنامەوانەیان بە بێڕەوشت ناوزەنگ نەکرد بەڵکو ستایشیانکرد کە توانی لە گەڵ ترسناکترین مرۆڤدا چاو پێکەوتن بکات و ڕووبەڕوو و لە دەمی خۆیەوە بۆگەناوی ناخی هەڵڕێژێ، لە دوای کارەساتەکەی (11 \ 9) لە تەواوی جیهاندا بە هەزارەها ڕۆژنامەنووس وڕیپۆرتاچەدەر ڕژانە ئەفغانستانەوە وهەرهەموویان ئامادەن سەرەڕەوی بەژیانیان بکەن لە پێناوی چاوپیکەوتنی لەتەك بن لادن، مەلا عمر و تاڵەباندا. تۆ پیتوایە ئەو ڕۆژنامەنووسانە گشتی بێڕەوشتن ؟ نەخێر شۆخخانم ئەرکی ڕۆژنامەنووس زۆر لە ئەرکی سیاسی پیرۆزتر و دژوارتر و گرنگتر و بەپیزترە. بێڕەوشتی ڕۆژنامەنووس لەوەدانیە چاوپێکەوتن لەتەك نەیاریکدا بسازێنێ لاسەنگی ویژدان و رەوشتی نووسەر و رۆژنامەنووس لەوەدایە وەك پیویست ئەرکەکەی بەجینەهێنێ، ئەو ڕۆژنامەنووسانە ڕەوشتیان لاسەنگەکە کەخۆشکەری ئاگری جەنگی نێوان مرۆڤەکانن، براکانن ئەوانەی لە شەری هەشت ساڵەی عیراق وئیراندا خوێندنەوەیەکی ژیرانەیان بۆ فاکتەر و ئامانجەکانی شەڕەکە نەبوو ئەوانەی بە تاقە چاوێکە و دەڕواننە شەڕی ئەفغانستان و چاوەکەی تریشیان لە ئاستی دولاردا ریپۆقی کردوە. رژیمی بەعسیش گوڵبارانی هاوری جوانەرگم خانمی ڕۆژنامەنووس (لیزی شمت) ی نەدەکرد. چونکە نەیاری بوو ووشە بەعسییانەیان لەتەکیا بەکار دەهێنا. ئەرکی ڕۆژنامەنووس ئەرکێکی هێندە مروڤانەیە کەم کەس هەیە بتوانی دەقاو دەق بەجیبهینێ، تویژەکانی کۆمەڵ و رەوتەسیاسیەکانی رۆژ و تەوژمە فەلسەفیەکان و بریارەکانی پەرلەمان و دزی وفزی ودرۆی سیاسیەکان ئەگەر رۆژنامەنووس و تویژیرەوە نەیانخەنە بۆاری گفتوگۆوە. جگەلەوەی خۆیان ئیفلیج دەبن کۆمەڵگا بەر و تاریکی دەبەن.

زۆردەمێکە میدیای کوردی هەردوو میریەکەی کوردستان (سلیمانی و هەولێر) و بەتایبەتی مێری سۆران خوێنەرو ڕۆژنامەنووسان وکادیرانی میدیای کوردیان خستۆتە گیژاوی ئازادی ڕادەربرین گەمەی دیموکراتی وسەربەخوی میدیاوە. کی دەتوانی نکۆڵی لەو ڕاستیە بکات کە دەزگاکانی میدیای سۆران دەزگای میدیای پارتێکی سیاسین نەك سەربەخۆ. نە لە سلیمانی و هەولێر و دهۆك و کرکوك و خانەقیندا لە تەواوی ئەم جیهانەدا دەزگای ڕاگەیاندنی گشت (ڕیخراوێکی سیاسی) پیش هەمووئەرکی ئەرکی پروپاگەندەو قەبەکردن و بەپاکقەڵباندنی خۆیانن نەك بەرژەوەندی زووربە گشت توانایان لە پیناوی ئایدۆلۆژیاندا دەخەنەگەڕ نەك (ڕاستی) بۆیە هەرکاتێك پینوسی ڕۆژنامەنووسێکی میدیای پارتێك هەڵبنوتێ و ووتارێك بنوسێ و دژی بەرژەوەندی دەسەڵات بێت ئەوە ئیستراتیجیتی پارتەکە بە شێوەیەك پشتینی سانسۆر لە کەمەری ووتارەکە گیردەکات تا خاوەنەکەی چاوی زەرد دەبێ و ڕەنگە نانبڕاویشی بە دوایدا بێت، ئەی ئەوەنیە خۆ لەبەرچاوی مەست وگەشی ویژدانی تۆی بەڕیزدا شۆخخانم هاوکارەکەتیان (مەریوان مەسعەد) نانبڕاو نەکرد؟ *5 لە بەر ئەوەی تەنیا ڕخنەیەکی ناسکی لە هونەرمەند ناسری ڕەزازی گرت.؟؟؟ کێ کردی و لە کۆی ڕوویداوە تکایە (سەیری کرۆکی ووتارەکەی هاوڕی فازل قەساب بکە) چەند راستگویانە دەڵی (پشووی کوردستانی نۆی وەك گۆڤارێکی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) رچاوی بارودۆخی سیاسی هەریم و ناوچەکەمان دەکات لەو ڕوانگەیەوە دەبی بگوتری ئەوەی لەگەڵ ئەو سیاسەتی ڕەچاوکردنەدا نەگونجی بۆاری بڵاوکردنەوەی نابێ) *6 ئەمە یانی قاچی، یانی سانسۆر، ترس، کوتەك هەیە بۆ ووتنی راستی) . هەر ڕۆژنامەنووسێك یان کادیریکی میدیا بروای بە تەبای بوونی دەسەڵاتی یەکەم و چوارەم هەبوو ئەو ناپاکی بە پلەی یەکەم لە ویژدان لە خود لە راستی لە پیشە لە کۆمەڵدەکات، هەرکۆمەڵگایەك دەنگی ئۆپۆسۆزینی میدیای نەبێ ئەوە ئەو کۆمەڵگایە ئیفلیجە، کەمئەندامە. شوخخانم تکایە بروانە، بزانە دەسەڵاتی یەکەم چۆن گەرەکیانە دەسەڵاتی چوارەم کەوبکەن. بە پیێ بریاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی (7) 14 \2\ 2002یاندا بریاری میدیای سەربەخودرا بریارەکە جەختی لەسەر ئەوەکرد لە پیناوی (تەبایی بوونی) دەسەڵاتی میری و میدیادا یارمەتی دەزگاکانی میدیا دەردری پیچەوانەکەشی بڤەیە گرتن و دەرکردن و داخستنی کەنالەکەیە:*7 وەك قەدەغەکردن و داخستنی هەفتەنامەی ڕۆژنامەنووس) زۆر دەمێکە چاوەڕی خەوێکم و بیتە دی و کۆمەڵە پێنوسێکی جەربەزەی شارەکەی شیخی نەمر ببنە چەپك و خۆیان لە دەسەڵاتی یەکەم رابسکێنن و بڵێن ڕیگە بە پاشقولی سیاسیتان نادەین. چەند بەرزدەبوو لە ڕۆژی سەپاندنی (فەرید ئەسەد) دا بە لێپسراوی ڕۆژنامەنووسانی کورد بەبێ کەندیتاتکردنی کەسێکی تر چەند هەڵوێستێ هوڵەکەی بەجیبهیڵایە و ئەو سوکایەتیەی پەسەند نەکردایە. ئاخر لە چ کات وسەردەم و ڕۆژێکدا چ سیستەمێکی دیموکراتی ریگە بە تاقانە هەڵبژاردنی تەنیا کەسێك دەدا ؟؟؟!!! لە ڕۆژی 6 \ 3 \ 2002 و بە بۆنەی تەواو بوونی ماوەی کارکردنی بەڕێز (محمودی مەلا عزەت) ەوە لە سەر نووسەری ڕۆژنامەی (کوردستانی نۆی) کاك محمود ووتی سوپاسی مام جەلال دەکەم کە ئەم پلەییەی لە ساڵی 2000 پێبەخشیم *8 (فەرید ئەسەد) یش کە بە پیی ئەم سیستەمە (تعین) دامەزراوە نەك هەلبژاردنی ئازاد. ئاخر شوخخانم چۆن

دەزگاییەك، میدیایەك ئازاد دەبێ ئەگەر دیكتاتۆرێك بە ڕێوەیبەرێ ؟ میكافیلی دەبێژی (لەرۆحی هەموو مرۆڤیكدا ئارەزووی زۆرداری و تاوان هەیە، بە تایبەتیش ئەگەر دەسەڵاتیكی رەهای بۆ مسۆگەر بكریت) * 9 ئەمەیانی چی ؟ یانی نا ئازادی میدیا و قۆرخی دەسەڵاتی چوارەم ( (میدیا) لە لایەن دەسەڵاتی یەكەم و تاقە كەسیكەوە كە تالەبانی یە. بیرۆشتی ڕۆژنامەنووس ئەوەنیە چاوپێكەتنێك بكات ولە تەك ویستی دەسەڵاتی یەكەمدا نەیاربێت.كاتێك تراجیدیای خانمێكی برسی شارەكەمم (هاژە) خستە سەر لاپەڕەی مانگنامەی هەتاو، زۆر كەسانی توڕەی ئەو دەفەرە سیاسیەی كۆمەكی دەركردنی (پشووی كوردستان) دەكا توڕە بوون دژم شتی خۆ ئاساییان نووسی.*10 شوخخانم مەبەست لەم پەیڤانە نە سوكاییەتیكردن و نە ناشیرین كردن ونە كرمێكردنی دەسەڵاتی سیاسی كوردیە لەباشووری كوردستاندا، نە سوكسەیركردنی پینوسە چاوڕەشەكەی بەڕێزتانە، بەڵكو غەمە بۆ پینوسێكی نازداری دەستی خانمیكی چاو رەشی گوتەبێژی مافە پیلشكراوەكانی ئافرەتی كوردە ئەو پینوسەی كە شیربای پێ وەرگیراوە، نەخێرئەم سەرنجانە داكۆكیكردن وپتەوكردن و دەسەڵاتی سیاسی و مرۆڤی كوردە، چەپكە گوڵی ڕێزە بۆ بەڕێزتان. ئەمە وەڵامی زمانی ئاوزانی سەردەمن ئاوزانێك كە كۆمەڵگا بەرەو ئاقارێك دەبات كە ئاوزان و زمانی دیالۆگی كوردی بگۆڕی و ئەو قۆزاغەیەی ئایدۆلۆژیای پارتەكان وەك تەوق لە بازووی هەنگاوەكانی مرۆڤی كوردی سەردەمیان گیراندوە لە بناغەوە پاكبكاتەوە. ئەو هەش و نەگبەتییەی یەخەی چركەكانی نەوە دوای نەوەی كۆمەڵی گرتووە چی یە ؟؟ لە تاعونی دیكتاتوریەت و نەبوونی ئازادی میدیا و لاوازی و بیهەڵوێستی ڕۆشنبیران و یاسای پیاو سالاری تەوری ووشەی (اخلاق) زیاتر ؟؟.

مێژووم بوومەلەرزەی گۆڕان

بە خۆیەوە نابینی و

جوگرافیام وەكو بنی پیێ كچانی گوند

قلێشەكانی بەردەوام زۆر دەبن. *11 (ئەم هونراوەیە. تەزووی گریانێكی كپكراوە، ئەمەشینی ڕۆحێكی نیوە زیندوە، ئەمەكروزانەوەی منداڵێكی شیرەخۆرەی شەیدای مژینی گۆپكەی مەمكی چركەزەردەخەناوییەكانی ڕۆحە، كێ لە دەنگی نووساوی ئەم هونراوەیە تێدەگات لە مرۆڤە بەهەستەكان زیاتر ؟ كی تاوانبارە لە بەخەڵوزكردنی گەوهەری زەردەخەنەكان لە یاسای پیاوسالاری و رادیكاڵی (یاسای اخلاق) زیاتر ؟؟

تا سروشت ڕێگە بدا میللەتی كورد لە قەیراندایە، قەیرانیكی تەمەن دریژی ناو هەناوی میژوو. قەیران دوو دەرئەنجامی هەیە

1) یان كۆمەڵگا ئیفلیج دەكات.

2) یا كۆمەڵگا بەختیار دەكات. یفلیجی دەكات ئەگەر رۆشنبیرانی ئەو میللەتە زوو فریای بەرەنگاربوونەوەی نەكەون وەك ڕۆشنبیرانی كورد، بەختەوری دەكات ئەگەر ڕۆشنبیرانی سەركەوتن بەسەر قەیرانەكەدا و ریفۆرم لە بارودۆخی كۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و سەرفرازی و گۆڕان ویاسای نوی كۆمەڵگای نۆیدابهینەدی. نمونە

1) قەیرانی ڕۆمانسیەت لە ئەڵمانیا لە سەرەتای سەدەی 19 هەمدا. گەرسەرنج بدەینە بەرهەمەکانی دوای قەیرانەکە وپیش قەیرانەکە جیاوازییەکەی کۆمەڵگاییەکی هوشیارە.

2) قەیرانی ڕیالیزم لە ناوەڕاستی سەدەیی 19 هەمدا لە روسیادا. تەنیا بە بەراوردکردنی بەرهەمە کانی پیش وپاشی ئەو دیرۆکە راستیەکان هاواردەکەن.

3) قەیرانی سالی 1870 لە فەرنسا و چۆکدادانی بەرامبەر بە بروسیا. *12

ئەی قەیرانی کورد ؟ لە کوێوە ؟ لە کەییەکەوە ؟ تاکەی ؟ بۆ ناتوانین بەسەریا زاڵببین ؟؟؟

کەسایەتی (تاك) مرۆڤ. کەساییەتی (کۆ) کۆمەڵ دروستدەکات.کەسایەتی نەتەوەش لەسەر کەسایەتی رۆشنبیران سەقامگیر دەبیٚ، کەساییەتی رۆشنبیری کوردیش لە ژیر دووبەرداشدا پلیشاوەتەوە.

1) کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان. کەسایەتی سیاسەتمەدارانی کوردیان کەویکردووە. پیویست بە هانیینەوەی نمونە ناکات هەمووومان هەبگەکەمان لە نمونە پڕە. 2) دەسەڵاتی سیاسی کوردیش لە شاخ بووبیت یان لە شار هەمیشە کەساییەتی رۆشنبیری کوردیان کەویکردوە دەتوانین بلین (کۆلۆنیالیکردوە) یانی کولونیالیکردنی رۆشنبیری کورد جاریك لە لایەن کۆلۆنیالیستەکانی کوردستانەوە جاریك لەلایەن پارتەکانەوە ئەمە و هەندی جاریش و زۆر رۆشنبیری کورد خویدەخاتە ژیر کاریگەری رۆشنبیری فارسی، عەرەبی یان تورکی یەوە ئەمەش شیوەیەکە لە شیوەی کۆلۆنیالیکردنی هزر و خود بەرەزامەندی خود سوکایەتی بە کەساییەتی خود لە لایەن خودەوە. (وەکی بەشێك لە ڕۆشنبیرانی باشوری کوردستان بەتاییەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە) رۆشنبیریك لەم ئاستەدا بژی دەبی چاوەری ئەوەی لیبکریت کە (ئازادی میدیا) لە ژیر کارتیکەری ئایدولوژیتی پارتیکدا بە ووشەی (اخلاق) ی یاسای پیاو سالاری پارسەنگ بکات. (لەمەر (اخلاق) و رۆڵی لە دواکەتنی کۆمەلدا میکافیلی دەبیژی ئازاد بوونی مرۆڤ لە کەلبچەی (اخلاق) ئەو (اخلاق) ەی فەلسەفە کلاسیکییەکان سەپاندویانە بەسەر کۆمەڵدا پیویستییەکی گرنگە .13*

شکاندم ئاوینەی تەڵخی سەردەمی خۆم
لەبەر ئەوەی، بچوکی گەورە دەکرد
گەورەی بچووك دەکردەوە
پڕ بوو لە دیکتاتۆر و دێو
ئیستاش کە هەناسە دەدەم
پارچەکانی دەچن بە دیواری دڵما و
لە بری ئارەق
ووردە شووشە دەردەدەم *14

ئەم هەمووسکاڵا نازدارانە.. ئەم هەموو گڕە بێدەنگانە، ئەم دەریا پڕ حەز وشەیدا وئارامە کەسنەبینە چین ؟؟! ! رستە ووشەی مرواری دەروونی ئافرەتێکی زمانپژاوی ڕۆحن، ئەم هونراوەیە تورەبوونێکی بە ئاستەمی

دەروونیکی خنکینراوە، ڕۆحێکی چەوساوەیە، هەر ووشەیەکی نۆڤلێکی بە ئاخ گۆشکراوە، هەر کۆپلەیەکی ڕۆمانێکە و ووشەکانی بە تەلی درکەزی یاسای پیاو سالاری دەورەدراوە، ئەم هونراوەیە دەنگی ماچی دوولیوی نقوڵی پڕ خوینە لە حەیبەتی بیماچیدا ماچی هەوری خەیاڵ، هەوری هیوا دەکات. ڕێبنی کاروانی رستە ووشەییەکە بەئاخ نوسراوە، ئەم هونراوەیە ڕووی ڕاستی گڤەی گڕی ئەو ئاگرەیە توڕەبوونی یاسای (اخلاق) یاسای پیاو سالاری لە دەروونی ناسکیدا گڕیداوە.ئەم هونراوەیە لە کوانوانی دەروونیکدا گوشکراوە خۆشەویستی تیدا قوڵپدەدات. قوڵپ ... قوڵپ ...، قوڵپی حەز، قوڵپی ... ... قوڵپی ... ...قوڵپی باوەشێکی نەبینراو، قوڵپی ئەو ڕۆحەی بە شیری مەمکیك گوشکراوە لە تەمەنی سەروسیەوە گروگراڵی مژینی مەمکی ڕۆحیکی سنگ زبرە. ئەم هونراوەیە ڕاستگۆترین بێدەنگی و گەواهی ئەو ڕۆحەیە کە دادگای پیاو سالاری نیازی وایە بە بێ گوناه سزای زیندە بەچاڵبوونی بەسەر ئافرەتێکی بێتاواندا بدا، ئەم هونراوەییە هاوار دەکات من تاوان بار نیم، من شەیدام، من تینوم، من برسیم، من مرۆڤیکی وێڵکراوی ڕۆحم، ئافرانم، من گوناهم، من تاوانم لیکراوە، نەك تاوانبارم، ئەم هونراوەیە شنە بای دەروونیکی ناسکی ویلکراوەی کۆمەڵگای پیاوە..پیاوە..پیاوە !!! ئەم هونراوەیە تەنیا چەپکە فرمێسکی دووچاوی ڕەش نیە، فرمێسکی ڕۆحیکی مزمەعیلکراوە.ئەم هونراوەیە چیە؟ پرسیارە پرسیاری هەموو ئافرەتانی چەوساوەی کوردە. بە بێ ویستی خۆیان ژن بەژنیان پیکراوە. ئەم هونراوەیە دوا ووشەیە. نزایە نزای (فاتیمە) یە لە دوا هەناسەی ژیانیا پیشکەشی بە تاوانی پیاوی کوردی کرد، فاتمەیە فاتمەیە، ئەو پیشمەرگە سویدیە نەبەزەیە بەتەنیا دەیویست ئەو یاسایە برمێنی کە پیاو لە سەردەمی بازاری عکازەوە پیادەی دەکات. ئەم هونراوەیە چی یە؟. تۆی نووسەری نازی چیە. من دەزانم (فاتمە دەزانی، کەژاڵ خدر، هاژە، چیمەن.) دەزانن چییە !! یەك لەشکر لە ئافرەتی قوربانی دوای ڕاپەرینی شارەکەم دەیزانن چی یە. ئەم هونراوەیە وینەیەکی فوتوگراڤ چاوی شەرمی نوقاوی هاژەیە کە لە باوەشی پیاوانی (لەش کڕی) شارەکەمدا لەبەر برسێتی ڕاپێچی پیخەڤ بازار کراوە. ئەم هونراوەیە دوا دەنکە فرمێسکی مرواری چاوی چیمەنە لە شەوی بووکێنیدا لە سەر دۆشەکی نەرم وشلی چاوەڕوانی چەند دلۆپی خوێنی شەرەفدا، سنگی بە چواردە گوولە خۆینرێژکراوە* 15 ئەم هونراوەیە ڕاپەڕینە، شۆڕشە خۆ ڕاپسکاندنە لە زنجیری یاسای پیاو و کولتوری پیاو، شەرەڤ پیاو، (اخلاق) ی پیاو، ناموسی پیاو، ویژدانی پیاو، دڕەندەی پیاو، تەوری دەسەڵات.چەقۆی بازاڕ، ئەم هونراوەیە ڕاپەڕینە خۆڕاپسکاندنە لە زنجیرێکی سورەوەکراو نەك لە گەردنی ناسك و کەمەری خرپن و مەچەکی شل. لەپوزی خرپنی ئافرەت ئالاوا بجوڵی یان نەجوڵی چرکە بەچرکە نەك گەنگەمووی سەرپیستی پر شەهوەتی دەسوتینی، مۆخیشی دەکات بە خەڵووز. ئەم هونراوەیە چیە؟ ماچی هەوری هیوایە ئەو هەورەی بە هوی گەردەلوولی توڕەبوونی (شەرەف واخلاق) ی پیاوەوە لە ئاسمانی کوردستانی گلێنەدا ناتوانی ئۆقرە بگریت، ئەم هونراوەیە سکاڵای ماچە بیتامەکانی شارەکەمە، ئەم هونراوەیە ماچی پەرداخی ئەو شەرابە سوورەیە کە بە سووراوی لیوی ئافرەتێکی لیو تینوو گوشکراوە، ماچی پەرداخێکی تەنیای شەوێکی تەنیایە، تەنیایی ناوجێگە، ناو کۆمەڵ، ناو ئاسمان، ناو ماڵ، تەنیایی ناو باوەش، تەنیایی ڕۆح تەنیایی تەنیایی، ئەم

هونراوەیە چی یە ؟ ئایەتە یان سورەتە. سورەتی پەرتووکێکی بە فرمێسك نوسراوە، ئەم هونراوەیە سکاڵای دەروونی (صفیە) * 16یە کە دوای ئەنفال بە (7) هوشتر فرۆشراوە. ئەم هونرۆاوەیە سەرگورشتەی هەموو ئافرەتانی وولاتێکی بە خۆشەویست گۆشکراوە (کوردستانە) ە کە یاسای پیاو. تەوری (اخلاق) مشاری (شەرەف) لە بنەوە نەمامی رۆحی ئافرەتی بریوەتەوە، ئەم هونراوەیە راستگۆترین هونراوەی نیو ئامێزی بۆن رێحانەی پاشکوی هونەرە و ئەدەبە.، ئاخر چۆن دەبێ بەوچەکەی دڵی تۆ و هەزارەها ناسکە هەستی تریان خەڵتانی خۆین کردوە، تۆش دڵی ووشەی ووتاری ڕۆژنامەنووسی خەڵتان بکەیت ؟؟!! لە میحرابی (اخلاق) دا مەلاژنێکی ملکەچ بیت ؟! (سیگرد ئەندست دەبیژی لە بەردەم هەموو ئافرەتیکدا دەرگاییەکی تەسك هەیە دەبی بیبڕێ تا ئازادی بیت و کەسایەتی خۆی نەدۆڕێنێ) . کی دەتوانی لە ئاستی یاسای (اخلاق) دا ئازاد بیت ؟ (اخلاق) بە ومانا رۆحیە تورتەی کە لە کۆمەڵگای پیاوسالاری دەیکەن بە سانسۆر بەسەر بچوکترین زەردەخەنەو هەناسەی تاقە موویەکی سەری ئافرەتەوە.

ئەم ئاوینە کوژراوانە

چۆن کۆبکەمەوە

لە گیرفانی چاڵێکدا

لە پیتە نێرینەکانی شەرەفدا، بزربوون 17 *

چەند جوانە چاوی ئەم ووشانە، چەند بۆن خۆشە هەناسەی دەروونی ئەو خانمەی ئەم ڕاستیەی درکاند. ئاخر کوا لە یاسای (شەرەف و اخلاق) دا ئافرەت ئازاد بووە، ئاخر تالەبان و مەلا عمر و بن لادن (شەرەف و اخلاق) ئایدۆلۆژیت و فەلسەفەیانە، ئاخر لە چ یاسایەکی ڕوونڕەو (معریفە) دا (اخلاق و شەرەف) جێ بۆتەوە لە کۆمەڵگای پرێمێتیفی ڕۆژهەڵاتی زیاتر؟؟چارەسەنەکردنی گرفتە سیاسیەکان، بوونی دەسەڵاتی رەهای سکرتێری پارتیك، پیرۆزی سەرۆك خێڵێك، پاشاگەردانی، دواکوتووی کۆمەڵ، داتەپینی ئابووری، سەرهەڵدانی بیر فەناتیزمی ئیسلامی و ئیفلیجی مارکسی. سوکایەتیکردن بە بەها مرویەکانی ئافرەت گشتی دەگەریتەوە بۆ نەخویندنەوەی دۆێنی کە سبەینی لە سەر بنیات دەنریت، کە ئەمەش ئەرکی رۆشنبیرە نەك کەسیکی تر. وەکی لەسەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد هەموو کۆمەلگاکان قەیرانیان هەبووە. وەلی لە نیو کۆمەڵگای تەندروستیداردا رۆشنبیران (لەوپەری چەپەوە بۆ ئەوپەری راست) قەیرانەکە بە هی خوی دادەنی چونکە راستە وخو زیان بە پاشە رۆژ و کەسایەتی نەتەوەی دەگەینی بۆئەم هەلویستەش وەردەگرن ؟ چونکە هەریەکەیان رۆحیان بە رەگیکی ئەستورەوە بە دلی نەتەوەکەیانەوە نووساوە، ئینجا بە هوی سیستەم و ئاوزانی دیموکراتیشەوە هەر رۆشنبیری تۆژیك یان تەوژمیکی هزری. خاوەن دەنگیکی خویەتی و دەسەلاتی سیاسی باو ناکات بە خێو بەسەر ووزەی خۆیەوە وەك رۆشنبیرانی کورد کردویانە. لە زۆر کۆمەلگادا هەندی جار رۆشنبیر هیندە بەتوانابووە سیاسەتمەدارای بە دوای خویدا راکیشاوە وەك لە فەرەنسا بووچونەکانی (جان جاك رۆسۆ) گەلی فەرەنسای لە بنەوە گۆری و هەر بەهوی بیری ئەوەوە بوو یەکەم هەلبژاردن لە میژووی فەرەنسادا کرا *18 رۆشنبیری خاوەن کەساییەتی ریگە نادا جلەوی هەلویستی

بەلای ئیستراتیجیتی پارتیکەدا رابکیشری (گونتەر گراس) ماوەیەکی زۆر ئەندامی سوسیال دیموکراتیەکانی ئەلمانیا بوو وازیهانی چونکە پارتەکەی ئیستراتیجیتی گۆڕی لە تەك ویستە سیاسیەکانی ئەودا ریکنەدەکەوت. لای کورد و بەتایبەتی لە باشوردا و دوای راپەرینەکە قوڕی پاشکوبوون و دابەشکردنی نووسەرانی کورد خەستر بۆتەوە هەر وەك رەنگ، خاك، ئابووری، کۆمەلگا، زمان، جامانە...هتد) نووسەرانیان دابەشکردوە، بویە شتیکی چاوەروان کراوە کە (شۆخخانم کەژال ئەحمەد) لە دیدی (یەکیتی) یەوە رەخنە بگریت نەك سەربەخوی خویەوە. پاشکۆ بوونی نوسەران بە سیاسەتەوە یانی رمانی تەلاری توانای نووسەر.

(شۆخخانم کەژاڵ ئەحمەد) هیوادارم پەڕەی ناسکی دەروونت بە شنەبای ئەم سەرنجانە نەڕووشیٚ.

کەتیلەی چاوەکانت وینەی مانگیکی مۆنی کێشا

تاوانیکت لە جوانی کرد

کە زمانی پینوست هەڵخلیسکا.. زبریی هانی

تاوانێکت لە ڕۆحت کرد.

سەرچاوەکان0

1) گۆڤاری پشووی کوردستان ژمارە (27) 2 \2002

2) الصحافة المصرية و الصراع العرب الاسرائيلي د. مرفت الطرابيشي

3) ڕێوان ژمارەی 20 8 \ 3 \2002 هۆنراوەی (مانگی مات و مانگی تەنیا) کەژاڵ ئەحمەد

4) احزان حرية الصحافة. صلاح الدين حافظ

5) ماڵپەڕی هەلەبجە (سەرۆك ناسر) حەمە سەعید حەسەن

6) سەر چاوەی ژمارە (1)

7) تەلەفزوینی (KURD SAT) شەوی 2 \ 1 \2002 بەرنامەی هەواڵ و توێژینەوە.

8) هەفتەنامەی (التحاد) ژمارە (463) ڕۆژی 6 \3 \2002 لاپەرە 3 اسره (کوردستانی نوی) تودع رئیس تحريرها

9) مهزله العقل البشری د. علی الوردی

10) مانگنامەی هەتاو ژمارە 3 سالی 1996 هەتاو ساتیٚ لەگەڵ هاژەدا..

11) پاشکوی کوردستانی نویٚ ئەدەب وهونەر ژمارە 2497 5\7\2001 هونراوەی (نەهاتوویەك) کەژال ئەحمەد.

12) ثقافتنا في ضو التاريخ. عبداللة العروي، المركز الثقافي العرب

13) نهاية تاريخ و خاتم البشر، فرانسيس فوكوياما.

14) هونراوەی (ئاوینەم شکاند) کەژال ئەحمەد کوردستانی نویٚ ئەدەب و هونەر ژمارە 2693، 21 \2 2002|

15) فاتیمه ئەو خانمه کوردەبوو باوکی له سوید کوشتی، کەژال خدر ئەو خانمەیه بەربەریتی پیاو لووتی بڕی، هاژه خانمیکی لەشفرۆش له سلیمانی سەرچاوەی (9) ، چیمەن قارەمانی چیرۆکی چیمەن کۆمەله کورته چیرۆکی چوار نان.

16) صفیه ژنێك له ژنه زۆرەکانی پێغمبەر بووه که دوای ئەنفالی خەیبەر به 7 هوشتر له سەربازیکی کریوه.

17) بیر له من مەکەرەوه هونراوەی (سۆزان مامه) پاشکوی کوردستانی نویٚ ژماره 2699 7\3\2002

18) الديموقراطية و المفهوم و الممارسة، منشورات المركز العالمي للدراسات و ابحاث الكتاب الاخضر 1996